بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

إِذَا وَقَعَتِ الْوَاقِعَةُ ﴿1﴾

کاتێك کە ڕووداوە (سامناکەکە) پێش دێت.

لَيْسَ لِوَقْعَتِهَا كَاذِبَةٌ ﴿2﴾

ڕوودانی ئەو کارەساتە حەقیقەتەو کەس ناتوانێت بڕوای پێی نەبێت و بەڕاستی نەزانێت.

خَافِضَةٌ رَّافِعَةٌ ﴿3﴾

نەوییکەرو بەرزکەرەوەیە، (ئیمانداران بەرزو بڵند و پایەدار دەبن، خوانەناسانیش سەرشۆڕو خەجاڵەت و ڕیسوا).

إِذَا رُجَّتِ الْأَرْضُ رَجًّا ﴿4﴾

کاتێك کە زەوی دەشڵەقێت و بەتوندی دەلەرزێت.

وَبُسَّتِ الْجِبَالُ بَسًّا ﴿5﴾

کێوەکانیش وردوخاش دەبن (تەخت وسافدەبن، بەرزییەکان نشێوەکان پڕ دەکەن).

فَكَانَتْ هَبَاءً مُّنبَثًّا ﴿6﴾

دەبنە تەپ و تۆزێکی پەرش و بڵاو (زەویان پێ تەخت و ڕێك دەکرێت).

وَكُنتُمْ أَزْوَاجًا ثَلَاثَةً ﴿7﴾

جا ئەو کاتە ئێوە (نەوەکانی ئادەم) دەبنە سێ دەستەوە.

فَأَصْحَابُ الْمَيْمَنَةِ مَا أَصْحَابُ الْمَيْمَنَةِ ﴿8﴾

دەستەی ڕاستان (دەرەکەوێن)، جا چووزانی ئەوانە لە چ خۆشییەکدان؟!

وَأَصْحَابُ الْمَشْأَمَةِ مَا أَصْحَابُ الْمَشْأَمَةِ ﴿9﴾

هەروەها دەستەی چەپ و لارو ورەکانیش، جا چووزانی ئەو شومانە لە چ سەرگەردانیەکدان؟!

وَالسَّابِقُونَ السَّابِقُونَ ﴿10﴾

(بەتایبەت) ئەوانەی کە پێشبڕکێیان دەکرد لەبەدەست هێنانی ڕەزامەندیی خوادا ئێستا وا لە ڕیزەکانی پێشەوەن (مەگەر خوا خۆی بزانێت چ نازو نیعمەتێکی بێ وێنەی بۆ ئامادەکردوون).

أُوْلَئِكَ الْمُقَرَّبُونَ ﴿11﴾

ئەوانە نزیکن لە پەروەردگاریانەوە.

فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ ﴿12﴾

لە باخەکانی بەهەشتی پڕ لە نازو نیعمەتدا.

ثُلَّةٌ مِّنَ الْأَوَّلِينَ ﴿13﴾

دەستەیەکی زۆریان لەوانەن کە زوو چوون بە دەم بانگەوازی خواوە.

وَقَلِيلٌ مِّنَ الْآخِرِينَ ﴿14﴾

دەستەیەکی کەمیشیان لەوانەن کە دواتر (بەشوێن ئەواندا ڕێبازی ئیمانیان گرتەبەر).

عَلَى سُرُرٍ مَّوْضُونَةٍ ﴿15﴾

لەسەر کورسی و قەنەفەی نەخشدارو ڕازاوە دانیشتوون.

مُّتَّكِئِينَ عَلَيْهَا مُتَقَابِلِينَ ﴿16﴾

شانیان داداوە بەرانبەر یەك (دیارە کە لە تایبەتیدا کە هەمیشە لەبەهەشتدا بەردەوامە ئیمانداران پێك شادو خۆشنوود دەبن.

يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ ﴿17﴾

منداڵانی جوان و ئێسك سووك و نەمر بەدەوریاندا دێن و دڵخۆشیان دەکەن و خزمەتیان دەکەن..

بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ ﴿18﴾

بە کوپ و دۆلکەو سوراحییەوە دەگەڕێن و لە کاسی تایبەتیدا جۆرەها شەربەت و شەراب و خواردنەوەی بەتام و خۆش مەزەیان پێشکەش دەکەن.

لَا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنزِفُونَ ﴿19﴾

ئەو شەرابانە نە سەریان پێ دێتە ئێش و نە سەرخۆش و بێهۆشیان دەکات.

وَفَاكِهَةٍ مِّمَّا يَتَخَيَّرُونَ ﴿20﴾

میوەشیان بۆ دەگێڕن، بە ئارەزووی خۆیان لێی هەڵدەبژێرن.

وَلَحْمِ طَيْرٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ ﴿21﴾

گۆشتی هه ر باڵندەیەکیش که حەزی لێ بکەن بۆیان ئامادەیە.

وَحُورٌ عِينٌ ﴿22﴾

هاوڕێ لەگەڵ حۆری چاوگەش و چاو ڕەشیش.

كَأَمْثَالِ اللُّؤْلُؤِ الْمَكْنُونِ ﴿23﴾

هەروەك مرواری شاراوەو دەست لێ نەکەوتوو.

جَزَاء بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿24﴾

له پاداشتی کارو کردەوەی چاک و پاکیاندا...

لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا تَأْثِيمًا ﴿25﴾

هیچ جۆره قسەیەکی نابەجێ و نادروست نابیستن.

إِلَّا قِيلًا سَلَامًا سَلَامًا ﴿26﴾

جگه سڵاو کردن و سڵاو وەڵامدانەوە.

وَأَصْحَابُ الْيَمِينِ مَا أَصْحَابُ الْيَمِينِ ﴿27﴾

دەستەی ڕاستەکانیش، جا چووزانی که ئەوانیش له چ خۆشیەکدان.

فِي سِدْرٍ مَّخْضُودٍ ﴿28﴾

له ژێر سێبەری درەختی (سدر)ی بێدڕکدا (له سەیراندان).

وَطَلْحٍ مَّنضُودٍ ﴿29﴾

هەروەها درەختی مۆزیش که بەر هەمەکانی چین چین لەسەریەکن.

وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ ﴿30﴾

لەژێر سێبەری دوورو درێژدان (لەو باخە خۆشانەدا).

وَمَاء مَّسْكُوبٍ ﴿31﴾

تاڤگەی جوان و حەوزو فوارەی ڕازاوەی تێدایە.

وَفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ ﴿32﴾

میوەهاتی زۆرو هەمەچەشنیش.

لَّا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ ﴿33﴾

نە بەروبوومی تەواو دەبێت، نە قەدەغە کراویشە.

وَفُرُشٍ مَّرْفُوعَةٍ ﴿34﴾

هەروەها جێگە و ڕێگەی بەرزو بڵندی لێیە.

إِنَّا أَنشَأْنَاهُنَّ إِنشَاء ﴿35﴾

(ئافرەتانی شۆخ و شەنگمان) دروستکردۆتەوە، (بۆ بەختەوەران).

فَجَعَلْنَاهُنَّ أَبْكَارًا ﴿36﴾

وەك کیژانی شوو نەکردوو وان و هەمیشە کچن.

عُرُبًا أَتْرَابًا ﴿37﴾

هاوسەرەکانیان زۆر خۆش دەوێت و هەموان لە تەمەنی لاویدان.

لِّأَصْحَابِ الْيَمِينِ ﴿38﴾

(ئەمانە هەمووی) بۆ دەستەی ڕاستەکان (ئەوانەی نامەی کردەوەکانیان دەدرێتە دەستی ڕاستیان).

ثُلَّةٌ مِّنَ الْأَوَّلِينَ ﴿39﴾

ئەوانە دەستەیەکی زۆریان لە ئیماندارانی پێشینن.

وَثُلَّةٌ مِّنَ الْآخِرِينَ ﴿40﴾

هەروەها دەستەیەکی زۆریش لە ئیماندارانی دوایین دەگرێتەوە.

وَأَصْحَابُ الشِّمَالِ مَا أَصْحَابُ الشِّمَالِ ﴿41﴾

لەولاشەوە دەستەی چەپەکان، قوڕبەسەریان، بۆ بارودۆخێك کە تێی کەوتوون.

فِي سَمُومٍ وَحَمِيمٍ ﴿42﴾

لەناو گەرمی ئاگرو ئاوی لە کوڵدا گیریان خواردوەو (دەتلێنەوە).

وَظِلٍّ مِّن يَحْمُومٍ ﴿43﴾

ڕادەکەن بۆ ژێر سێبەر، کە ئەویش دووکەڵی گەرم و سوتێنەرە.

لَّا بَارِدٍ وَلَا كَرِيمٍ ﴿44﴾

نە فێنکەو نە بەکەڵکی حەوانەوە دێت.

إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَلِكَ مُتْرَفِينَ ﴿45﴾

ئەوانە کاتی خۆی لە ناو نازو نیعمەتدا دەتلانەوە (بێ ئەوەی قەدری بزانن).

وَكَانُوا يُصِرُّونَ عَلَى الْحِنثِ الْعَظِيمِ ﴿46﴾

ئەوانە بەردەوام لەسەر گوناهە گەورەکان پێیان دادەگرت (هاوەڵیان بۆ خوا بڕیار دەداو دژی بەرنامەکەی بوون).

وَكَانُوا يَقُولُونَ أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَئِنَّا لَمَبْعُوثُونَ ﴿47﴾

هەمیشە دەیان وت: باشە ئەگەر ئێمە مردین و بووینە خاك و ئێسقان ئێمە زیندوو دەکرێینەوە؟!

أَوَ آبَاؤُنَا الْأَوَّلُونَ ﴿48﴾

هەتا باوانی دێرینیشمان؟!

قُلْ إِنَّ الْأَوَّلِينَ وَالْآخِرِينَ ﴿49﴾

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، پێیان) بڵێ: پێشینان و پاشینان (هەر هەموویان).

لَمَجْمُوعُونَ إِلَى مِيقَاتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴿50﴾

کۆدەکرێنەوە لە کات و ساتێکی دیاری کراودا (کە ئاسمان لێ ون نابێت و کەسیش ناتوانێت خۆی بدزێتەوە).

ثُمَّ إِنَّكُمْ أَيُّهَا الضَّالُّونَ الْمُكَذِّبُونَ ﴿51﴾

ئەوسا ئێوە ئەی گومڕاو بێ باوەڕان ئەی ئەوانەی (کە ڕاستیەکان) بەدرۆ دەخەنەوە.

لَآكِلُونَ مِن شَجَرٍ مِّن زَقُّومٍ ﴿52﴾

لە بەروبوومی درەختی (زەقوم)یش دەخۆن.

فَمَالِؤُونَ مِنْهَا الْبُطُونَ ﴿53﴾

ورگ و سکتانی لێ پڕ دەکەن.

فَشَارِبُونَ عَلَيْهِ مِنَ الْحَمِيمِ ﴿54﴾

ئەوسا ئاوی لە کوڵیشی بەسەردا دەکەن.

فَشَارِبُونَ شُرْبَ الْهِيمِ ﴿55﴾

هەروەکو ئەو حوشترانەی کە بەهۆی نەخۆشییەکی تایبەتەوە تر ئاو نابن.

هَذَا نُزُلُهُمْ يَوْمَ الدِّينِ ﴿56﴾

ئاوایە بارودۆخ و ژیانی خوانەناسان لە قیامەتدا.

نَحْنُ خَلَقْنَاكُمْ فَلَوْلَا تُصَدِّقُونَ ﴿57﴾

مەگەر ئێمە دروستمان نەکردوون؟! (ئیتر چۆن باوەڕ بە زیندوو بونەوە ناکەن و) نایسەلمن؟!

أَفَرَأَيْتُم مَّا تُمْنُونَ ﴿58﴾

ئایا سەرنجتان لە (مەنی) ئاوای پیاوان داوە چیەو چۆنە (لەم سەردەمەدا زانست هەندێ لە نهێنیەکانی ڕوون کردۆتەوە، کە چۆن لە نوان ملیۆنەهادا بە ویستی خوا یەك دانەی یەك دەگرێت لەگەڵ هێلکۆکەیەکدا لە سەرەتای دروست بوونی ئینساندا).

أَأَنتُمْ تَخْلُقُونَهُ أَمْ نَحْنُ الْخَالِقُونَ ﴿59﴾

مەگەر ئێوە سەرەتا (مەنی و هێلکۆکە) دروستدەکەن؟! ئێوە دەیکەنە ئادەمیزادێکی ڕێك و پێك؟!، یان خۆتان و نەوەکانیشتان دروستکراوی ئێمەن؟

نَحْنُ قَدَّرْنَا بَيْنَكُمُ الْمَوْتَ وَمَا نَحْنُ بِمَسْبُوقِينَ ﴿60﴾

لەوەودوا هەر ئێمە مەرگ و مردنمان لە نێوانتاندا بڕیار داوە، (کەس لەو مردنە دەرباز نابێت)، کەس لە دەستی ئێمە ڕزگاری نابێت.

عَلَى أَن نُّبَدِّلَ أَمْثَالَكُمْ وَنُنشِئَكُمْ فِي مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿61﴾

ئێمە توانابیمان هەیە بەردەوام بیانگۆڕین (بەهۆی یاسای مردن و ژیانەوە) یاخود سەرلەنوێ لە ڕێگەیەکەوە کە نایزانن دروستیان بکەینەوە.

وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ النَّشْأَةَ الْأُولَى فَلَوْلَا تَذَكَّرُونَ ﴿62﴾

خۆ ئەوەتە بوونی سەرەتاو یەکەمجارتان زانیوەو بەچاوی خۆتان بینیوتانە چۆن پەیدا دەبن، کەواتە بۆچی یاداوەری وەرناگرن و بیرناکەوە؟!

أَفَرَأَيْتُم مَّا تَحْرُثُونَ ﴿63﴾

ئایا سەرنجتان داوە لەوەی کە زەوی بۆ دەکێڵن؟

أَأَنتُمْ تَزْرَعُونَهُ أَمْ نَحْنُ الزَّارِعُونَ ﴿64﴾

ئایا ئێوە دەیروێنن (ڕەگ و قەد و گە و...هتد)ی بۆ دروست دەکەن، یا هەر ئێمەین چێنەرو بەرهەمهێنەر.

لَوْ نَشَاءُ لَجَعَلْنَاهُ حُطَامًا فَظَلْتُمْ تَفَكَّهُونَ ﴿65﴾

خۆئەگەر بمانە وت دەیکەینە چیلکەو چەواڵی بێخێرو بێ بەرهەم و وشك وکەوتوو، ئەوسا ئیتر سەرسام و غەمبار دەبن و سەرتان سوڕدە منت (لە ڕەنجی بێ بەرو هەولی بێ ئاکام).

إِنَّا لَمُغْرَمُونَ ﴿66﴾

(وە بە خەفەت و پەژارەوە دەڵێن) بەڕاستی زەرەری چاکمانکرد، ڕەنجەڕۆ خۆمان.

بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ ﴿67﴾

بەڵکو بێ بەریی و بێ بەهرە خۆمان.

أَفَرَأَيْتُمُ الْمَاءَ الَّذِي تَشْرَبُونَ ﴿68﴾

ئەی سەرنجی ئەو ئاوە نادەن کە ڕۆژانە چەند جار دەیخۆنەوە، (لە کوێوە هات، کێ دروستی کرد، لەچی دروست بوو...هتد).

أَأَنتُمْ أَنزَلْتُمُوهُ مِنَ الْمُزْنِ أَمْ نَحْنُ الْمُنزِلُونَ ﴿69﴾

ئایا ئێوە داتانبەزاندووە لە هەورەکانەوە یا ئێمە دابەزێنەرین؟ (بەهۆی یاسای تایبەتەوە).

لَوْ نَشَاءُ جَعَلْنَاهُ أُجَاجًا فَلَوْلَا تَشْكُرُونَ ﴿70﴾

ئەگەر بمانەوێت ئەو ئاوە دەکەینە خوێیەکی تاڵ و سوێر، ئایا ڕەوا نیە کە شوکرانە ژروسویلسگوزار بن (بۆ ئاوی سازگار).

أَفَرَأَيْتُمُ النَّارَ الَّتِي تُورُونَ ﴿71﴾

ئایا سەرنجی ئەو ئاگرە نادەن کە دایدە گیرسێنن (لە جۆرەها سەرچاوەوە...چیە؟ چۆنە؟).

أَأَنتُمْ أَنشَأْتُمْ شَجَرَتَهَا أَمْ نَحْنُ الْمُنشِؤُونَ ﴿72﴾

ئایا ئێوە ڕووەکەکەیتان دروستکردووە یا ئێمەین کە فەراهەممان هێناوە؟
(ئەمەش ئاماژەیە کە سەرچاوەی نەوت دەرئەنجامی ژێرەو ژوور
بوونی دارستانەکان بەدیهاتوون).

نَحْنُ جَعَلْنَاهَا تَذْكِرَةً وَمَتَاعًا لِّلْمُقْوِينَ ﴿73﴾

بێگومان هەر ئێمە کردوومانەتە هۆی ئەوەی کە یادخەرەوە بێت (یاد
خەرەوەی دەسەڵاتی بێسنوری ئێمە بێت، وە یاد خەرەوەی ئاگری
دۆزەخ بێت) هەروەها کردوومانەتە هۆیەك بۆ ئەوەی گەڕۆك و
هامشۆکەران کەڵکی لێ وەربگرن.

فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ الْعَظِيمِ ﴿74﴾

(جا ئیتر کە وایە) سوپاسگوزارو ستایشگەری پەروەردگاری گەورەو
فراوانت بەو (با ناوی پیرۆزی هەمیشە لەسەر زارت بێت).

فَلَا أُقْسِمُ بِمَوَاقِعِ النُّجُومِ ﴿75﴾

سوێندم بە شوێنی ئەستێرەکان (لە ئاسمانی فراواندا کە لە ژمارە نایەن).

وَإِنَّهُ لَقَسَمٌ لَّوْ تَعْلَمُونَ عَظِيمٌ ﴿76﴾

بێگومان ئەو سوێندە گەر بزانن سوێندێکی زۆر گەورەیە (لەم
سەردەمەدا زیاتر ڕوون بۆتەوە کە خوای بەدیهێنەر ملیۆنەها کەهکەشان
و ملیارەها ئەستێرەی دروستکردووە، کە کۆمەڵەی خۆر لە ئاستیدا زۆر
بچوکن).

إِنَّهُ لَقُرْآنٌ كَرِيمٌ ﴿77﴾

کە بەڕاستی ئەم قورئانە، زۆر پیرۆزو بەڕێزە.

فِي كِتَابٍ مَّكْنُونٍ ﴿78﴾

له كتێبێكی شاراوه‌دا كه (لوح المحفوظ)ه ، پارێزراوه، (هه‌روه‌ها نسخه‌كانی سه‌ر زه‌ویشی پارێزراوه و پارێزراو ده‌بێت هه‌تا دنیا دنیایه).

لَّا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ ﴿79﴾

ته‌نها پاكان نه‌بێت كه‌س ده‌ستی لێنادات، (له ئیمانداران و له فریشته‌كان).

تَنزِيلٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ ﴿80﴾

(ئه‌م قورئانه) له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگاری جیهانه‌كانه‌وه نێردراوه‌ته خواره‌وه.

أَفَبِهَذَا الْحَدِيثِ أَنتُم مُّدْهِنُونَ ﴿81﴾

(له‌گه‌ڵ ئه‌و هه‌موو ڕێزه‌دا كه ده‌رباره‌ی قورئان وترا) هێشتا ئێوه (ئه‌ی باوه‌ڕ لاوازان) دوودڵن به‌رانبه‌ر ئه‌م گوفتارو فه‌رمووده‌یه‌و (شلن له به‌جێ هێنانی فه‌رمانه‌كانیدا)؟

وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ ﴿82﴾

هه‌موو به‌هره‌یه‌ك كه ده‌بوایه له قورئان وه‌ری بگرن بۆته ئه‌وه‌ی كه بڕوای پێ بكه‌ن و به‌درۆی بخه‌نه‌وه؟

فَلَوْلَا إِذَا بَلَغَتِ الْحُلْقُومَ ﴿83﴾

(باشه ئێوه بۆ بیر ناكه‌نه‌وه، ڕۆژێك دێت كه): ڕۆحتان ده‌گاته گه‌روتان.

وَأَنتُمْ حِينَئِذٍ تَنظُرُونَ ﴿84﴾

( ئێوه‌ش به‌ده‌وری ئه‌و كه‌سه‌دا بێ ده‌سه‌ڵاتانه) ته‌ماشا ده‌كه‌ن و سه‌رنج ده‌ده‌ن.

وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ وَلَكِن لَّا تُبْصِرُونَ ﴿85﴾

لەکاتێکدا کە ئێمە لە ئێوە نزیکترین لێی، بەڵام ئێوە نابینن.

فَلَوْلَا إِن كُنتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ ﴿86﴾

خۆ ئەگەر ئێوە فەرمانبەردارو ملکەچ بوونایە...

تَرْجِعُونَهَا إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿87﴾

ئەو ڕۆحەتان دەگێڕایەوە ئەگەر ڕاستدەکەن و (دەسەڵاتێکتان هەیە).

فَأَمَّا إِن كَانَ مِنَ الْمُقَرَّبِينَ ﴿88﴾

جا ئەگەر (ئەو کەسەی کە لە سەرەمەرگدایە) لە نزیکان و
خۆشەویستانی ئێمە بێت.

فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّةُ نَعِيمٍ ﴿89﴾

ئەوە ئیتر خۆشی و شادی و کامەرانیی و بەهەشتی پڕ لە نازو نێحمەت
چاوەڕێیەتی.

وَأَمَّا إِن كَانَ مِنَ أَصْحَابِ الْيَمِينِ ﴿90﴾

خۆ ئەگەر لە دەستەی ڕاستانیش بێت.

فَسَلَامٌ لَّكَ مِنْ أَصْحَابِ الْيَمِينِ ﴿91﴾

ئەوە لەلایەن دەستەی ڕاستانەوە سڵاوت پێشکەش دەکرێت.

وَأَمَّا إِن كَانَ مِنَ الْمُكَذِّبِينَ الضَّالِّينَ ﴿92﴾

بەڵام ئەگەر لە دەستەی بەدرۆخەرەوەکان و گومراکان بێت.

فَنُزُلٌ مِّنْ حَمِيمٍ ﴿93﴾

به ئاوی لەکوڵ پێشوازی لێ دەکرێت.

وَتَصْلِيَةُ جَحِيمٍ ﴿94﴾

دەگەیەنرێتە دۆزەخ.

إِنَّ هَذَا لَهُوَ حَقُّ الْيَقِينِ ﴿95﴾

ئەم ڕووداوانە بۆ هەر دەستەیەك حەقیقەت و ڕاستەقینەی دوور لە گومانە.

فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ الْعَظِيمِ ﴿96﴾

(کەواتە) سوپاسگوزارو ستایشکەری پەروەردگاری گەورەو فراوانت بکە (با ناوی پیرۆزی هەمیشە لەسەر زارت بێت).